# داخورانی زمانی دایك، بنەماو پەسنکردن

**پ.ی.د. شیلان عومەر حسێن**
**زانکۆی سلێمانی/ سکولّی زمان/ بەشی کوردی**

**پێشەکیی:**

خوێندنی جوتزمانی، بابەتێکی نوێیە و لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، بە تایبەت بۆ ئەمسالّی خوێندن کارەکیی کراوە، ئەم بابەتە لە زانستی زماندا بە یەکێك لە بنەماکانی داخورانی زمانی دایك پەسنکراوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت زانستیانە لە هەستیاریو مەترسی ئەم بابەتە لەسەر ئاستی پەروەردەو فێرکردن(تاك)و سیاسەتو نەتەوە بگرە زیانی بۆ هەموو لاکان ڕونبکەینەوە، لەبەرئەوەی زمانی دایك لەو قوتابخانانەی جوتزمانن ئاسایی بەرەو لەناوچوون دەچن، یاخود وەك زمانی دووەم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش خۆی کێشەو کرۆکی بابەتەکەیە.

لەلایەکی تریشەوە لەناوچوونی زمانی دایك یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی دۆزی نەتەوایەتیمان و دەبێت هەموو تاکێك گرنگی پێبدات، لەبەرئەوەی بەهۆی ئەمەوە پارێزگاری لە یەکڕیزیو یەکگرتوویی و پەیوەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵ دەکەینو دەتوانین ژیاریو ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان بە نەوەکانمان بگەیەنین، لەبەرئەوەی زمانی دایك، زمانی یەکەم، زمانی نەتەوەییمانە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستێتی هەستیاری ئەم بابەتە بە وەڵامی پرسەکانی پەیوەست بە لەکاردابوونی دوو پێڕەوی زمانیی لەیەك کاتدا بداتەوە، بەوەی، ئایا کامیان کاریگەرییان لەسەر ئەویتریان دەبێت؟ ئایا بەهاو گرنگی زمانی دایك لە چیدایە؟ ئایا زمانی دایك ناتوانێت زمانی خوێندن بێت بەگشتی؟ چۆنو کەیو چ تەمەنێك گونجاوە منداڵ زمانی دووەموسێیەمو...فێرببێت؟ کاریگەری ئەرێنیو نەرێنی فێربوونی زمانی دووەم لەسەر زمانی دایك چییە؟کاریگەری زمانی دووەم لەسەر بیرو کردەی بیرکردنەوە چیەو چۆن دەکەوێتەوە؟کاریگەری فێربوونی زمانی دووەم لەسەر لایەنی دەرونیو کۆمەڵایەتیو...تاك چیە؟

ئامانج لەم باسە سەرلەنوێ پەروەردەکردنەوەی ژیرییو ئاوەزی تاکە(مرۆڤسازیی)و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریو ئاگایی پەروەردەییو کلتوریونەتەوەییە(گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی)و خولقاندنی بەهابالاّکانوفێرکردنی ئادابو ڕەوشتە کۆمەڵایەتیەکانە (ژیانسازیی)، ئەمانە هەموو بە زیندووڕاگرتنی زمانی دایك دەبێت.

**١/١) زمانی دایك، مەبەستو لێكدانەوە:**

**زمانی دایك/ زمانی یەكەم/ زمان پژاندن، بە زمانی نەتەوەو زمانی ڕەسەنیش دانراوە، كردەیەكی نائاگاهانەیە جۆرێكی كردەی زمانوەرگرتنەو بریتیە لە یەكەم زمان كە منداڵ وەریدەگرێتو فێری دەبێت. زمانی دایك هۆكاری ((پەیوەندیگرتنی كۆمەڵایەتیو ژیرییەو سەرەكیترین هۆكاری گەشەی ئاوەزییوكۆمەڵایەتیو هاوسەنگی هەڵچوونەكانەوڕوكارێكی بەهێزە لە ڕوكارەكانی پەرەپێدانی ژیرییو هەستییو بزواوی))[1]، بۆ زیاتر ناساندنوپەسنكردنی زمانی دایك، گرنگە لەو تایبەتیانە وردببینەوە، كە بۆ زمانی دایك دەستنیشانكراون، ئەوانیش[2]:**

**١. یەكەم زمانە كە تاك نائاگایانە، لەسەرەتای تەمەنیدا وەریدەگرێتو فێریدەبێت.**

**٢. تاك توانستێكی زگماكیو سەربەخۆی دەربارەی زمانی دایك هەیە(توانایەكی سەربەخۆی زمانەوانی لە مێشكی مرۆڤدا هەیە).**

**٣. تاك دەتوانێت بە ڕەوانی ئاخاوتنی خۆڕسك بەرهەمبهێنێت.**

**٤. تاك بەكارهێنانێكی چوست و بە تواناو كارای لە بواری پەیوەندیگرتندا هەیە.**

**٥.تاك بەهۆی جڤاتی زمانییەوە دەناسرێتەوە.**

**٦. تاك ئەكسێنتی زمانی خۆی هەیە.**

**٧. ڕاستەخۆ لە زمانی دایكەوە تاك هەموو پێداویستییەكانی ژیانی وەردەگرێت.**

**٢/١) بەهای زمانی دایك:**

**بابەتی زمان بەگشتیو زمانی دایك بەتایبەتی، وەك هەر بابەتێكی زانستی تر گرنگیو بەهاوئەركی هەیە، كەلەمانەی خوارەوەدا كورتكراونەتەوە[3]:**

**١. زمانی دایك تاكە هۆكارە، كە پێیەكی لە مێشكو ئاوەزی مرۆڤدایەو پێیەكەی تریشی لە دەرەوەی مرۆڤدایە و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەزو جیهانی دەرەوەیە بەیەكترییەوە، لەبەرئەوەی زمان هەم هۆكارو هەم سەرچاوەی مرۆڤسازیو ژیانسازییەو ئەركی گەورەو كرۆكی دەگێڕێت، بەوەی زانستی بنیاتنانی كەسێتی، كە بابەتێكە دەكەوێتە سەر چۆنێتی بەكاربردنی پێكهێنەكانی، كە گرنگترینیان پێكهێنی بیرە، بەو واتایەی بنیاتنانی كەسێتی، كە ڕەهەندەكانی مرۆڤسازیو ژیانسازی لەخۆدەگرێت، لەسەر بنەمای جۆرو چۆنێتی تێكردە بیرییەكان بنیاتدەنرێت، لە ڕوانگەی ئەمەشەوە زمانی دایك، بە سەرچاوەی بنەڕەتیو كرۆكی بەدەستهێنانی بیرو بەهاو كۆزانینو فێربوونو پەیوەندیگرتن....تاد، دانراوە، بۆیە زمان بە دیاریكەری مەعریفەودنیابینیو ئەزمونو تێكۆشانو ڕەفتارو كەسێتی جیهانی ئاخێوەرانی دەستنیشانكراوە .**

**٢. زمانی دایك گوێزەرەوی كلتورو بەهاوكۆزانیاریو هەستو بیروبۆچون...تاد .**

---

[1] شیلان عومەر حسین(٢٠١٥: ١٣).

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو(٢٠١٥: ٦).

[3] شیلان عومەر حسین(٢٠١٤: ٧).

٣. زمانی دایك ڕایەڵەی بەستنەوەی نەوەكانە بەیەكترییەوە.
٤. لەهەمانكاتیشدا هۆكاری سەرەكیە بۆ گەیشتن بەناواخنی ژیریو ئاوەزی مرۆڤەكان .
٥. زمانی دایك هۆكاری پەیوەستكردنی تاكە بە كۆمەڵەكەیەوە. كۆكەرەوەو هەڵگروخەزێنەو دەربڕی هەموو لایەنەكانی تاكو كۆمەڵەكەیەتی .
٦. زمانی دایك كەرەستەو ئامڕازی سەرەكیە، كە مرۆڤ بیرییپێدەكاتەوەو پێی فێردەبێت (فێری ژیان)و تەنانەت فێری چۆنیەتی بیركردنەوە دەبێت .
٧. كامڵبوونی زمانی دایك سەرچاوەی سەرەكی زوو فێربوونو دروست فێربوونی زمانی دووەمو سێیەمو...ھ.
٨. بەهێزترین پێكهێنەری ناسنامەی نەتەوەیمانە.
٩. زمانی دایك بەرپرسە لە یەكگرتوویی ڕەگەزییو پاراستنی. ئەم بابەتە لە ئێستادا بۆ نەتەوەی ئێمە زۆر هەستیارو گرنگە، دەبێت ئاگایانە مامەڵەی لەگەڵدا بكەین.
١٠.نیشانەو ماركەیەكی بەهێزی ناسنامەی كلتوریوكۆمەڵایەتییە .

پوختەی ئەركو بەهای زمانی دایك لەوەدایە، كاتێك زمانی دایكیی منداڵ تێكدەشكێنین، لەگەڵیدا كلتورو دابونەریتو بەهاو ڕەسەنایەتیو كۆزانیاریو تواناو لێهاتوویی وچۆنێتی بیرو بیركردنەوەیو...تاد، لەناودەبەین، لەبەرئەوەی كاتێك منداڵ فێری زمان دەكەین فێری كلتوروبەها كۆمەڵایەتیەكان وژیانی دەكەین، لەڕێی ئەو واتاوبیرانەی، كە بەهۆی زمانەوە وەریدەگرێت، لەبەرئەوە هەر كەموكورتیەك لە زمانی دایكی منداڵدا (زمانی ئاخاوتن، زمانی خوێندن، زمانی نووسین..) دروستببێت، بە تایبەت لە (١٠) ساڵی یەكەمی تەمەنیدا، وەك ئەوەی لە ماڵەوە بە زمانێك قسەبكاتو لە قوتابخانە بە زمانێكی تر، ئەوا گرفت بۆكۆزانیاریوبیرو چۆنێتی بیركردنەوەو فێربوونو پەیوەندی–لەیەكگەیشتنی منداڵ دروستدەبێتو هەموو ئەو بنەمایانە لە دەستدەدات، كە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوەو هەر ئەمەشە وا دەكات، تاك لایەنداری بۆ نەتەوەو كلتورو كۆمەڵو...نەمێنێت ، لەلایەكی تریشەوە گوفتارو ڕەفتارو ئاكارەكانیشی، لێكەوتەو بەرهەمی ئەمن، چونكە تواناو كاریگەری زمان، وەك پرۆسەیەكی ئاوەزییو ژیریی، لە وەرگێڕانی هەڵوەستەو بەهاو دابونەریتو ڕەسەنایەتی، بۆ هەڵوێستو كردارو ڕەفتارو پەرەپێدان بە كەسایەتی مرۆڤ بەگشتیو پەرەپێدانی مرۆیی، لەو بابەتە وردو هەنوكەییو هەستیارانەیە كە ئەمڕۆ زانستی نوێ كاریان لەسەردەكات، لەبەرئەمەیە بایەخدان بە بنیاتنانو پەروەردەكردنی نەوەیەكی دروستو شیاو بۆ كۆمەڵەكەمان دەكەوێتە سەر بنەمای بایەخدان بە زمانی دایكی ئەو نەوەیە ،كە ئەم دووانە تەواوكاری یەكترنو وەك دوو دیوی دراوێكن.

لەگەڵئەمانەشدا لە پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا بەكارهێنانی زمانی دایك لە سەرەتای فێركردنەوە، ئاسانكاری لە تێگەیشتنی واتاو دركدكردنو دەربڕینی دەنگو هێماكان دەهێنێتە

ئاراوه، له زمانی دایکدا ڕووبەری فێرکردنی کرۆکیو ناواخنی زیاتر فەراهەم دێت، به فێرکردنی چەمکی نوێو زانیاری نوێ، بەواتا فێرخواز سەرپێیانه فێرنابێت[1].

٣/١) سروشتی منداڵی تەمەن(٣-١٠)ساڵ:

منداڵ لەتەمەنی هەشت مانگییەوه فێری دەنگ دەربڕین دەبێتو له تەمەنی (١٢-١٤) مانگیشدا دەتوانێت چەند وشەیەك دەبڕێت، لەتەمەنی (٤) ساڵیدا توانستی پێكهاتەی زمانی تەواو دەبێت، بەڵام بەتەواوی له تەمەنی (٥) ساڵیدا کردەی زمانپڕاندنی کامڵو پڕاوپڕ دەبێتو پێكهاتەی فەرهەنگی ئاوەزیی دەخەملێتو ئەو وشانەی لەم کۆگەو گەنجینەیەدا تاقتکراوه/ خەزنکراوه، به نزیکەی (١٤,٠٠٠) وشه دانراوه، هەتا ئەم گەنجینەیه بەکارنەهێنرێتو ئەزموون نەکرێت خاوەنەکەی ناتوانێت کۆزانیاریی زمانیی وەربگرێت((کۆزانیاریی زمانی له بەکارهێنانی زمانییەوه بەرجەستەدەبێت))[2] ، لەبەرئەوەیه فێربوونی زمانی دووەم پێش ئەم تەمەنه به نەرێنی دانراوه.

زمانپڕاندن بەگشتی بۆچوارقۆناغ دابەشکراوه[3]، پێنج ساڵی تەمەنی یەکەمی منداڵ به قۆناغی کامڵبوونی پرۆسەی زمانی دایكو بنیاتنانی کەسێتی تاك دیاریکراوه. زمانەوانانو پەروەرشیاران لێکۆڵینەوه له ئاکاری زمانەوانی(گۆکردن، خوی زمانیی، شێوەو ئاخاوتن، ....)ی منداڵ، له پێنج ساڵی تەمەنیدا دەکەن، لەبەرئەوەی له گرنگترینو مەترسیدارترین قۆناغەکانی گەشەسەندنی ژیانی بەرێوەدەچێت و لەبارترین کاته بۆ چاندنو بنیاتنانی کەسێتی تاك، هەرلەبەرئەمەشه ئەم قۆناغه به قۆناغی بنیاتنان /زێڕین/ ئاڵتونی دەستنیشانکراوه، بەوپێیەی ڕێڕەوی گەشەی ژیریی و جەستەیی ودەروونیو کۆمەڵایەتیو ...ئاڕاستەی ڕووبنیاتنانی کەسێتی تاکه.

ئەم تەمەنەی مرۆڤ بەتەمەنی ئامادەباشیو سازکردن دانراوه، زانایان پێیانوایه هەموو سیستمی بینینو ژیریو جوڵەییو...له ئامادەباشیدان بۆ چالاکیوکار ، ئەگەر دەوروبەر به دروستی بیوروژێننو ئاڕاستەی بکەنو بەگەڕیبخەن (که زمان سەرچاوەی ئەم کارەیه)، ئەوا بەدروستی ئەو تاکه بنیاتدەترێتو به پێچەوانەشەوه.

کەسێتی که سروشتی مرۆڤ دیاریدەکات به کۆمەڵه تایبەتمەندییەکی مرۆیی، که کەسێك له کەسێکی تر جیادەکاتەوه ناسێنراوه. که دەکرێت کەسێتی لەسەر شێوەی سێگۆشەیەك وێنا بکەین، که له سێ لایەنی سەرەکیی پێكهاتبێت، که به سێگۆشەی (ABC) ناوی دەبەن(بڕوانه هێڵکاری(١)، ئەوانیش بریتین له[4]:

١- هەست و سۆزەکان Feeling, Affection

٢- ڕەفتار و کردەوه Behavior

٣- بیر و درککردن Thoughts, Cognition


---

[1] Carol Benson(2004:6).

[2] هەوار عومەر فەقێ(٢٠١٥: ١٢٩).

[3] بڕوانه شیلان عومەر حسێن(٢٠١٥: ١٥).

[4] شیلان عومەر حسین(٢٠١٥: ٩-١٠).




هێڵکاریی (١)

به شێوەیەکی بازنەیی ئەو سێ پێکهێنە، کاریگەریی گەورە و درێژخایەن  لەسەر یەکتر و دواجاریش لەسەر کەسێتی خاوەنەکەیان دروستدەکەن، لەگەڵ ئەوەی هەست‌و سۆزو بیرو درککردن‌و کردار، سروشتی مرۆڤ پێکدەهێنن، بۆ زیاتر وردەکاریکردن لە تەمەنی سەرەتای مرۆڤ کە بە منداڵ دانراوە، Piaget رەوتی گەشەکردنی ئەم تەمەنەی منداڵی بەم شێوەیە قۆناغبەندکردووە[1]:

١. قۆناغی هەستکردن‌و جوڵە: لە لەدایکبوونەوە تا دووساڵییە، پاڵنەرە بایەلۆژییەکانی وەك( برسێتی، نەخۆشی..)، رۆڵی کاریگەرییان هەیەو لەم قۆناغەدا منداڵ بیری سادەو سەرەتایی هەیەودرککی بەردەوامی بە شتەکان هەیە.
٢. قۆناغی بیری پێش کردار(٣-٧) ساڵیی، لەم قۆناغەدا منداڵ ڕاستەوخۆ لە وشەو زاراوەکان تێدەگات، بەڵام گرفتی لە لاوازی توانای دۆزینەوەو ئاشکراکردندا هەیە، بە قۆناغی گشتوەگیرییدا دەڕوات، گەشەی زمانی بەرەوپێش دەڕوات‌و فەرهەنگی زمانیی فراواندەبێت، زمانی ئەم قۆناغەی منداڵ بە خودتەوەریی ناسراوە، لە ڕوی حەزو ئارەزوی بۆ بەرهەمی ئەدەبی بۆ قۆناغی ڕیالیستی‌و قۆناغی ئەندێشەی بێسنور پۆلێنکراوە، لە لایەکی ترەوە منداڵ لەم تەمەنەیدا یادگەی[2]، کەکۆگای زانیارییەکانە گەشە دەکات، فراواندەبێت توانای یادکەوتنەوەی ئەو زانیاریانەی هەیە، کە دوو بۆ سێ مانگ بەسەر کاتی ڕوودانیدا تێپەڕیوە ، لە تەمەنی شەش ساڵیدا توانای خەزنکردنی ڕووداوەکانی سێ ساڵی ڕابردووی بۆ کۆتایی تەمەن دەبێت .
٣. قۆناغی کرداری هەستپێکراو(٨-١١) ساڵیی، لەم قۆناغەدا ئەو زانیارییانەی وەریگرتووە، حەز لە بەکارهێنان‌و کارەکیکردنیان دەکات، هەوڵی چارەسەری کێشەکانی بە بەکارهێنانی شارەزایی هەستی دەکات، زمانی لە ڕوی خودتەوەرییەوە بۆ زمانی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت، بۆیە هاندان‌و ڕێنمویکردن‌و ستایشکردنی ڕۆڵ گەورە دەبینێت لە پشت بەخۆ

[1] بڕوانە فاضل مجید محمود(٢٠٠٠: ٩-١٦) و هیرۆ کەمال کەریم(٢٠٠٦: ٧٣-٧٤)و ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣: ٤١-٤٢).

[2] ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣: ٦٥، ٧١).لێرەدا سێ جۆر یادگە دیاریکراوە(یادگەی هەستیی، یادگەی کورت-خایان، یادگەی درێژ-خایان).

بەستن و بەگەڕخستنی تواناكانی، لە ڕوی حەزو مەیلی ئەدەبیشەوە بە قۆناغی پاڵەوانێتی پەسنكراوە.

٤. قۆناغی بیری كرداری گەڵاڵەكراو:لە ١١ساڵییەوە بەرەو سەرەوەیە، منداڵ توانای تێگەیشتنی فراواندەبێت و لە گۆشە نیگای جیاجیاوە لە بابەتەكان دەڕوانێت.

٤/١) قوتابخانە، پایتەختی زمان:

قوتابخانە وەك بەرجەستەكەری كردەی پەروەردەو فێركردن، یەكەم دەروازەیە كە تێیدا منداڵ دەچێتە كۆمەڵگەوەوبەكارایی و سەربەخۆیی و ڕەهایی زمانی تێدا بەكار دەهێنێت و لەم ڕوانگەیەوە بە (پایتەختی زمان) ناسێنراوەو دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی سیستماتیكیەو بەرپرسە، لەگەڵ دامەزراوەكانی تردا، لە پەروەردەی دروستی تاك و پێدانی بەهاكان و ڕێكخستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی تاك، لەبەرئەوەی قوتابخانە كۆمەڵگایەكی بچوككراوەیەو گرنگترین كەناڵە، كە بەهۆیەوە تاك بە كۆمەڵەوە پەیوەستدەكات، ئەمانەش لە پڕۆگرامی خوێندندا دیاریدەكرێن. پڕۆگرام(ئەزموونی پەروەردەیی لەخۆدەگرێت) كاریگەری بنەڕەتی لە بنیاتنانی كەسێتی تاكدا هەیە.

فێركردن و خوێندن بە زمانی دایك، بەواتا پەرەدان بە كوالیتی پەروەردەیی و داهێنان و بەرهەمهێنان. پڕۆگرامی خوێندن(پێكهێنەرێكی فێركردنە)ی زمانی دایك، پەرەپێدەری ئەو لێهاتوویی و كۆزانیارییانەن كە تاك لەڕێی زمانی دایكیەوە وەریگرتوون و لە خێزانەوە لەگەڵ خۆی هێناونی، لەبەرئەوە پێویستە زۆر هەستیارانەو بەئاگایانەو ژیرانە ئەم پڕۆگرامە دابڕێژرێت، چونكە تێكشكاندنی زمانی دایكی تاك، بە واتا تێكشاكاندن و داخوراندنی كلتوروكۆزانیاری و لێهاتوویی و بیروبیركردنەوەی...، كە ئەمەش دژی كرۆكی پڕۆسەی جۆرێتی پەروەردەوفێركردنە.

ئەركی قوتابخانە پەیوەست بەو تەمەنەی منداڵ، واتا تەمەنی(٦-٩) ساڵیدا، بریتیە لە[١]:

١. فێركردنی چالاكی جەستەیی، بۆ یاریكردنی سروشتیی ڕۆژانەی پێویستە.
٢. فێركردنی بواری هاوڕێیەتی و چۆنێتی هەڵبژاردەكردن و گونجان لەگەڵ دەوروبەردا.
٣. ناساندنی ڕەگەزو جیاكردنەوەی لەلای كوڕو كچ.
٤. پەرەپێدانی بنەڕەتی لە لێهاتوویی خوێندنەوەو ژمارەو نووسیندا.
٥. فێركردن و ڕاهێنانی چۆنێتی پشتبەخۆبەستن و داوای هاوكاریی لەوانی تر.
٦. پەرەپێدانی كەسێتی و زانینی بەهاو نرخی لەناو كۆمەڵدا.
٧. فێركردن و چاندن و گۆڕینی ڕەفتار لە كۆمەڵدا.

هەموو ئەو ئەركانەی قوتابخانە هەیانە لە كردەی پەروەردەو فێركردنی تاكدا، بە زمان وهەر لەڕێی زمان و هەم سەرچاوەكەشی زمانە دەكرێت، بەگشتی هەشت مۆدی جیاوازیی چالاكی مرۆیی، كە

[١] هێرۆ كەمال كەریم(٢٠٠٦-٨٥).

زمان لەقوتابخانە(بە پڕۆگرامی خوێندن، ئاخاوتنی ناوپۆل، ئاخاوتنی مامۆستا، کەرەستەکانی فێرکردن..) لەخۆیدەگرێت[1] دیاریکراوە، لەوانە:

١.گوێگرتن، تنێگەیشتن‌و هەڵهێنجاندن لە دەرکردە زارەکییەکان.

٢.ئاخاوتن، بەرهەمهێنان‌و بنیاتنانی دەربڕدراوودەرکردەی واتادار.

٣.خوێندنەوە، تێگەیشتن لە دەقی نووسراو.

٤. نووسین، بەرهەمهێنانی دەقی نووسراو.

٥.نمایشکردن، ئامادەبوونی هێما/ زانیارییە بینراوەکان.

٦. پێکهێنان، بەکارهێنانی مەبەستی بینراوی بینین، بە دەربڕین‌و نووسین.


٧. بینین، ئامادەیی بزواوی‌و جوڵاویی.

٨. بزواوی ، بەکارهێنانی زمانی جەستە.

١/٢) داخورانی زمانی دایك (First Languag Attrition ):

فەوتان‌و لەناوچوونی زمانی دایك بە چەند زاراوەیەکی، وەك:(داخوران، زمانپژانی ناتەواو، زمانی مردوو، گۆڕانی تەواوی زمانیی..)[2]پەسنکراوە، بەمپێیە داخوران شازاراوەیەکە هەموو ئەو چەمکانەی ئەو وشانە لەخۆیانی دەگرن، دەگرێتەوە. داخورانی زمانیی لە بەرەنجامی فەوتانی هەمەکی یان کەمەکی زمانەوە سەرچاوەدەگرێت‌و بە ((دیاردەیەکی زانستی زمانی دەروونی دەستنیشانکراوە، کە کاریگەریی لەسەر ئاکارو ئەدگاری زمانەوانی تاك هەیە))[3]، یاخود (( بریتیە لە فەوتان‌و لەناوچوونی هەندێك لە کەرەستەزمانییەکان کە لە نەتوانینی بەرهەمهێنان‌و درککردن‌و ناسینەوەی یاسا تایبەتەکانی زمانەکەو کەرەستە فەرهەنگییەکان‌و چەمکەکان‌و جیاکردنەوەی پۆلەڕەگەزەکان دەبینرێن بەهۆی کاریگەری زمانی دووەمەوە))[4]، بە واتا داخورانی زمانیی کاریگەری نەرێنی‌و خراپی لەسەر زمان هەیە، کاردانەوەی زمانیش دەکەوێتە سەر بیرو شێوازوچۆنێتی بیرکردنەوەوئەو ڕەفتاروکردارو ئەو هەڵوێستانەی لەوانیش دەکەونەوە، هەموو ئەمانە داخورانی زمانیی لەخۆی دەگرێت، لەبەرئەوەیە ئەم دیاردەیە بە پلەیەك لە پلەکانی لەناوچوونی زمانی دایك‌و فەرامۆشکردنی ناسێنراوەو لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەك زەنگێکی مەترسیدار زانایان‌و زمانەوانەکان هۆشدارییانداو هەوڵی بە ئاگا هێنانەوەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لە بەرانبەر ئەم دیاردەیەدا دا(بڕوانە هێڵکاری٢)[5].

[1] H.J.Vollmer(2003:183).
[2] Silivian Montryl(2002:260).
[3] Seliger, H. & Vago, R. (1991: 15).
[4] Boikanyego Sebina(2014:55).
[5] B.Kopke & M.S.Schimd(2002:6).




**هێڵكاری(٢)**

ئەم دیاردەیەش خۆبەخۆو ڕاستەخۆ ڕونادات، بەڵكو لە ئاكامی وەلانانی خودی زمانی دایكو بە سوك سەیركردنو پەرەپێنەدانو هەروەها بڕیاردان بە وەی كە كردەی پەروەردەو فێركردن بە زمانی دووەم بە ئەنجامبگەیەنرێتوبایەخبەندی یەكەم بە زمانی بێگانە بدرێتو شانازیكردن بەوەی بە زمانی دایكیی قسەنەكرێت، بەتایبەت لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنو بازاڕسازكردن بۆیوگوێپێنەدان بە زمانی دایكو...تاد، لەمانەشەوە ئەم دیاردەیە سەرچاوە دەگرێت، چونكە زمانی دایكیی منداڵ شێوێنرا ئەوا لەگەڵ خۆیدا هەموو ئەو ئەركانە كە زمانی دایك لەخۆیانی دەگرێت دەشێوێنرێتودواتر كاردانەوەی لەسەر بیرو چۆنێتی بیركردنەوەو لە ئاكامیشدا لەسەر ڕەفتارەكانی دەیبێت (بڕوانە(١/١))، لەم ڕوانگەیەوە گرنگە لە بنەمای داخورانی زمانی دایك وردبینەوەو شیكردنەوەی بۆ بكەین.

**٢/٢) بنەماكانی داخورانی زمانی دایك:**

**ا. بنەمای زمانی:**

M.S.Schmid -2002 چوار مۆدێلی زانستی زمانی بۆ ڕونكردنەوەی دیاردەكانی داخورانی زمانی دایكو لێكدانەوەی داتاكانی خستۆتەڕوو*، كە ئەوانیش بریتین لە[1]:

١. گەڕاندنەوە/پەشیمانبوونەوە (Regression) : مامەڵە لەگەڵ سروشتی فێركردن لەلایەكو لەبیرچوونەوە لەلایەكی ترەوە دەكات، ئەم مۆدێلە ڕۆڵێكی دیاری لە بیرهێنانەوەی دەقەكان لەسەر داخوران هەیە ، سروشی ئەم تیۆرییە بۆ ئەو گریمانەیەی، كە ونبوونی/ لەدەستدانی زمان لە حاڵەتی(فێربوونی زمانی دووەم، بریتیە لە لەناوچوونی زمانی یەكەم) وەرگرتووە، ئەوەی ئەم گریمانەیەش پتەوتردەكات پشتبەستنە بەم ڕێسایە(ئەو زمانەی باشتر فێرببینو زیاتر بەكاریبهێنین، زۆرتر پارێزراوتر دەبێتو دەمێنێتەوە)، لەمەوە دیاردەی داخورانی زمانیی بە كردەیەكی پلەبەپلە دانراوە.

---

* هەرچەندە كاری ئەم لێكۆڵینەوەیە لەسەر بنەما نازمانییەكانە، لەگەڵئەوەشدا هەردەبوو ئاماژە بە بنەما زمانییەكانیش بدەین.

[1] B.Kopke & M.S.Schimd(2002:25).

٣. ئاسانسازیی ( Simplication) : یان بە کەمکردنەوەش پەسنکراوە، بیرۆکەی ئەم مۆدێلە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کاتێك دروستەیەکی دیاریکراو یان نیشانەیەکی زمانەوانی لەدەستدەچێت، ئەوا دەرەنجامی یەکێك لەم بوارانەیە:ا. کەمکردنەوەی تۆمارکردنەکان بەهۆی کەمکردنەوەی گۆکردنو ئەرکەکەی ئەمەش بەهۆی کەم بەکارهێنانەوەیە. ب. کەمکردنەوەی فەرهەنگ کە کاریگەری بەشێوەیەکی دیاریکراو لەسەر نزمبوونەوەی ڕێژەی دووبارەکردنەوەی بەکارهێنانی کەرەستە فەرهەنگییەکان دەبێت. پ. کەمکردنەوەو دیاریکردنی لێکدراوە مۆرفۆلۆژییەکان، کە دەبێتە هۆی زیاتر شیکردنەوەی دروستە زمانییەکان.

٤. نێو زمانی( Interlanguage): لە ئامادەنەبوونی تێکردەکانی زمانی یەکەمدا، دەتوانرێت زمانی دووەم وەك سەرچاوەیەکی ناڕاستەوخۆی ئەرێنی وەربگیرێت، ئەمەش دەرەنجامی ئەوەیە کە یاساکانی زمانی دووەم ئاسانترن‌و بەرفراوانتر دەتوانرێت بەکاربهێنرێن‌وهەمان گۆکردنی واتایشیان هەبێت.

٥. ڕێزمانی جیهانی(Universal Grammar): ئەمە یەکێکە لە چوارچێوەکانی تیۆری زمانوەرگرتنی یەکەم‌و دووەم، کە هەموو پێشنیازەکانی پەیوەستە بە پارامێتەرەکان کەلە کردەی زمانوەرگرتندا چەسپاون، ڕێکخستنی پارامێتەرەکان بەگشتی وادانراون، کە دەبێت لەلایەن تێکردەکانەوە کۆتوبەندکرابن، فەرامۆشکردن‌و بێبایەخکردنیان، بە سیمایەکی دیاری کردەی داخورانی زمانیی دانراوە.

ب. بنەمای نازمانیی:

لە کۆبەندی هەمووئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر دیاردەی داخورانی زمانی دایك کراوە، بەگشتی لە هەموولایەنەکانی دەرونزانی‌و کۆمەڵناسی‌و..تاد، ئەم بنەمایانە هەڵهێنجراون، کە بە بنەمای نازمانی داخورانی زمانی دایك دیاریکراون، ئەوانیش[1]:

١. تەمەن (هاوکاتی زمانپژاندن، پێشوەختە، درەنگ لەکاتی خۆی)، لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە، کە نابێت پێش تەمەنی(١٠) ساڵی منداڵ پێڕەوی زمانەکەی بشێوێنرێت، بە خوێندنی پێڕەوی زمانی دووەم.
٢. کات (ڕۆژانە چەند کات دیاریکراوە بۆ ئەو زمانە بخوێنرێت)، ئەگەر دوای تەمەنی (١٠) ساڵیش زمانی دووەم لە کردەی پەروەردەو فێرکردندا پیادەکرا دەبێت کاتی دیاریکراوی بۆ دابنرێت‌و هەڕەمەکی نەبێت‌و بە پلان بێت‌و لە چ کاتێکی دەوامدا بێت، دەستنیشانبکرێت.
٣. ئاستەکانی پەروەردەو فێرکردن، بە هیچ جۆرێك نابێت لە باخچەی ساوایان‌و بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی(١، ٢، ٣) جوتزمانی پیادەبکرێت.
٤. سەرنجڕاکێشان‌و هاندان‌و بەکارهێنانی زمانی دووەم.
٥. دوبارەکردنەوەو بڕو چۆنێتی‌و بەرجەستەکردنی زمانی دووەم‌و وەلانانی زمانی دایك.
٦. پەیوەندی زمانی دووەم لەگەڵ زمانی یەکەمداو لە کاردابوونیان.

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو(٢٠٠٢: ١٤-١٥).

هەموو ئەم بنەمایانە لە وەرگرتن‌و خوێندنی زمانی دووەم‌و بەکاربردنی لە کردەی پەروەردەو فێرکردندا هەڵگوێزراون‌و ئەو پرۆگرامەش کە ئەم چەشنە پێڕەوانە(خوێندنی یەك پێڕەویی، وەك–پێڕەوی زمانی دایك بەتەنیا، پێڕەوەی زمانی دووەم بەتەنیا–، یان جوت پێڕەویی، وەك–خوێندنی دوو پێڕەوی زمانی دایك‌و زمانی دووەم–پێکەوە)، لە کردەی پەروەردەو فێرکردندا بەرجەستەدەکات، بە بابەتی نقومبوونی زمانیی لێکدراوەتەوە، بە واتا بنەمای نازمانی دیاردەی داخورانی زمانی دایك لە بابەتی نقومبوونی زمانییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ایرینا بوکوفا[١]، بەڕێوەبەری گشتی یونسکۆ، لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکدا دەڵێت: ئێمە بەهۆی دەرەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کردوومانە بۆماندەرکەوتووە، کە چەندە گرنگ‌و هەستیارە فێرکردن بە زمانی دایك‌و چەندە پێویستە، پەروەردەو فێرکردن بە زمانی دایك هۆکارێکی سەرەکی بەگژداچونەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکانە، بەهۆیەوە دەتوانین بەهەموو پەراوێزخراوەکان بگەین.

بەگشتی ئەم دیاردەیە بۆ دوو ئاست پۆلێنکراوە[٢]:

١. نقومبوونی/لەناوچوونی زمانی یەکەم لە ژینگەی زمانی یەکەمدا، نقومبوونی زمانی یەکەم لە ژینگەی زمانی دووەمدا.

٢. نقومبوونی زمانی دووەم لە ژینگەی زمانی یەکەمدا، نقومبوونی زمانی دووەم لە ژینگەی زمانی دووەمدا. ئەم جۆرەیان وەك دیاردەیەك زیاتر بەربڵاوە.

### ٣/٢) نقومبوونی زمانییLanguage Immersion :

نقومبوونی زمانیی لە بنەڕەتدا بۆ خوێندنی جوتزمانی* بەکارهێنراوە، پێڕەوێکە لە کردەی فێرکردنی زمانی دووەمدا لەو خوێندنگایانەی، کە هەربە زمانی دووەم دەخوێنن، یان لەگەڵ خوێندنی زمانی دایکدا، زمانی دووەم وسێیەم دەخوێنن، بەکارهێنراوەو جۆرێکە لە فێرکردنی جوتزمانی/دوانەیی زمان، کە تیایدا زمانی بیانی/ دووەم بەسەر پەروەردەو فێرکردن‌و مامەڵەکردن‌و ژینگەی قوتابخانەدا زاڵدەبێت، بەوەی هەموو چەشنە پەیوەندییەکی ناو دامودەزگاکە کۆنترۆڵدەکات‌و ئەوانی تر لەناودەبات، ئەوەی بەڵگە نەویستە ئەوەیە ئەم دیاردەیە پەیوەستە بەوکاریگەرییە نەرێیانەی خوێندنی زمانی دووەم لەسەر زمانی دایك دروستیدەکات‌و وردە وردەو هێدی هێدی لەسەرخۆ بەرەو نقومبوون‌و داخورانی زمانی دایك دەبات، لە نیوەی دووەمی سەدەی پێشووەوە ئەم پێڕەوە بەکاربراوەو لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامەکانی بەکارهێنانی ئەم پێڕەوەکراوەولایەنی ئەرێنی‌و نەرێنی بەپێی جۆرەکانی مەزەندەکراوە.

---

[١] ابراهیم بن احمد مسلم الحارث(٢٠١١:٩).

[2] Boikanyego Sebina(2014:52).

* خوێندنی جوتزمانی بریتیە لەو پێڕەوەی بۆ فێرکردنی خوێندنی دوو زمان بەکاردەهێنرێت(زمانی دایك لەگەڵ زمانێکی بیانیدا)، بە واتای ئەوەی لە کردەی پەروەردەو فێرکردندا بۆ بابەتە بنەڕەتییەکان جگە لە زمانی دایك زمانێکی تر بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بە واتای ئەوەی فێربوونی زمانی دووەم درککردن‌و تێگەیشتن‌و دەستبەسەراگرتنی زمانی دووەم‌و بەکارهێنانێتی. بڕوانە(ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣– ٢٠).

٤/٢) جۆرەکانی نقومبوونی زمانی دایك:

ئەم بابەتە تائێستا لەناو چوارچێوەی فێرکردنی جوتزمانیدا لێیکۆڵراوەتەوە، بەپێی چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەم پێڕەوە، چەند جۆرێکی لێدەستنیشانکراوە، لەوانەش[١]:

١. نقومبوونی زمانی دایك بە زمانی بیانی ( Foreign Language Immersion ):

لەم پێڕەوەدا سەرلەبەری کردەی پەروەردەو فێرکردن بە زمانی دووەم دەبێت، زمانی دووەم بە تەواوی جێگەی زمانی دایك دەگرێتەوەو خودی زمانی دایك بە جۆرێك لە جۆرەکان قەدەغەکراو دەبێت، بەوەی بەهیچ جۆرێك بەکار ناهێنرێت، لەم چەشنەی فێرکردنی جوتزمانیدا، لە فێرکردندا سەراپای پرۆسە فێرکارییەکان، بە بابەتو کەرەستەو ئاخاوتنوگفتوگۆی نێو پۆلو... بە زمانی دووەمە. ئامانج لەم پرۆگرامەش جێگرتنەوەی زمانی دووەمە لەجێی زمانی دایكو زمانی دایك وەك زمانی لاوەکی دەخوێنرێت، ئەمەش لە قوتابخانە جیهانییەکانو تایبەتییەکاندا دەبینرێت.

٢. نقومبوونی زمانەوانی دووەم Dual Immersion:

لەم چەشنەدا پێڕەوی دوانەیی لە کردەی پەروەردەوفێرکردندا بەرجەستەدەکرێت، بەوەی بۆ خوێندنو فێرکردنی وانە بنەڕەتییەکان لەگەڵ زمانی دایکدا زمانی دووەمیش دەخوێنرێت، ئامانج لەم پرۆگرامە فێرکردنی جوتزمانییە لای خوێندکارو بە چەند شێوەیەك ئەم پێڕەوە کارەکیدەکرێت، وەك لە نیوەی یەکەمی دەوامدا پرۆگرامەکان بە زمانی دووەمەو لە نیوەکەی تردا پرۆگرامەکان بە زمانی دایك دەخوێنرێت، یان هەندێك لە وانەکان وەك(بیرکاری، زانست، کۆمپیوتەر) بە زمانی دووەم دەخوێنرێتو ئەوانی تر بە زمانی دایك. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر فێرخوازانی سەرەتایی هەیە.

٣. نقومبوونی زمانەوانی بنەڕەتی Indigenous Immersion:

هەموو بابەتەکان لە قۆناغی بنەڕەتیدا بە زمانی دایك دەخوێنرێت، لە قۆناغی ناوەندیو دواتردا زمانی دووەم وەردەگرن، ئامانج لەم پرۆگرامەش پارێزگاریکردنە لە زمانی بنەڕەتیو پارێزگاریکردنە لە خودی منداڵ لە خوتخوتەو ژاوەژاوو کەموکورتی زمانیو بیریی، ئەمەش ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا جێبەجێدەکرێت.

٥/٢) گرفتی ئەم بابەتە:

ئەو گرفتو ئارێشانەی لە پیادەکردنی پێڕەوی جوتزمانیی لە کردەی پەروەردەو فێرکردندا دەکەونەوە، بەم شێوەیە پێڕستکراون:

١. گرفتی زمانیی:

ا.یەکەم زیانی سەرەکی،کە منداڵ دوچاری دەبێتەوە پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، ئەوەیە زمانی دایکی دەبێتە زمانی دووەمو زمانی بیانی دەبێتە زمانی فێرکردنو پەروەردە بۆی.

[١] ابراهیم بن احمد مسلم الحارث(٢٠١١: ٧).

ب. لێهاتوویی دەرپڕین ودواتر نووسینی سست دەبێتو لەگەڵیدا لێهاتوویی زمانەوانی کەمدەبێتەوە.....،لە ئاکامیشدا دابەزاندنی جۆرێتی پەروەردەیی و داهێنانکاریی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە:

١) کوڕەکە شویکرد. (قوتابی٣ی سەرەتایی)

٢) ئەو کچە ژنی هێنا.

پ. کاریگەرییەکی تری نەرێنی لەسەر خودی زمانو دروستەو پێکهاتەی زمانی دایکە، کە ڕێزمانەکەیەتی. لێکۆڵینەوەکان[1] ئەوەیاندەرخستووە کە ئەو منداڵانەی بە جوتزمانی دەخوێنن لەسەرەتای خوێندنەوە، سەرەتا هەوڵدەدەن زمانی دووەم بخەنە ژێر یاساکانی زمانی یەکەمەوە، دواتر بۆیدەردەکەوێت کە هەر زمانەو یاساو ڕێساو ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە، دەیەوێت پارێزگاری لە هەردووکیان وەکو خۆی بکات، بەڵام بەردەوامی فێرکردن بە زمانی دووەم و بەکارهێنانی زۆرو دووبارەو سێبارە کردنەوەیان لە قوتابخانەو خێزانو کۆمەڵو ڕاگەیاندندا، وا لە منداڵ دەکات زمانی دایکی ملکەچ بکات بۆ زمانی دووەمو هەژمونی زمانی دووەم بەسەر دروستەی ژێریو زمانەوانی بکاتو بەمەش زمانی دایك بەرەو سستبوون و لەناوچوون دەڕوات.

دوو جۆر لە هۆکاری زمانەوانی هەیە، کە لە وێرانکردنو لەناوبردنی ڕێزمانی زمانی یەکەمدا ڕۆڵدەبینن: یەکەم جۆر دیاردەکانی وەرگرتن، ئاڵوگۆڕکردن، نزیککردنەوەو کاریگەری زمانەوانی ئاڵوگۆڕکراو لەخۆدەگرێت، کە ئەمەش بە کاریگەرییە دەرەکیەکان ناوبراوە، کە یاسای گشتاندن لەخۆدەگرێت. منداڵ ڕێزمانی زمانی دووەم فراواندەکاتو بەگشتی وادەکات واڕێکیدەخات ڕێزمانی زمانی یەکەمیش بگرێتەوەو دێت ڕێزمانی زمانی دووەم بەهەڵە بەسەر ڕێزمانی زمانی یەکەمدا جێبەجێدەکات و بەمەش دەوترێت یاسای درێژکردنەوەی واتا، نموونەی ئەمەش لە بواری زاراوەکانداو وەرگێڕانی پیتیدا ئەمانە زۆر بەباشی دەردەکەون، واتە کاریگەری دەرەکی لەسەر زمانی دایك بەشێوەی جیاجیا دەردەکەون وەك خواستنو وەرگرتنی زاراوەی بیانی، تێکەڵاوکردنی هێماکان.

دووەم جۆری بریتیە لە یاسای ڕێککاری شێوەی زمانەوانی زمانی دایك، کە لە بنەڕەتدا لەناوبردنی زمانەکەیە وەك گشتاندن، ئاسانکردن، هەموارکردنو کە بە هۆکارە ناوەکیەکان ناوبراوە، لەمەوە منداڵ وایلێدێت کە ناتوانێت بۆچونەکانی بەتەواوی بە زمانی دایك دەربڕێت، لەباتی ئەوەی زمانی فێرکردن لەجیاتی زمانی دایکی دەوڵەمەندبکاتو پەرەیپێبدات، تێکیدەداتو لەناوی دەبات، بۆ نموونە لە (زامبیا)[2] زمانی ئینگلیزی زمانی فێرکردنە (کە زمانی دایك نییە)، دەرکەوتووە لە کۆتایی قۆناغی بنەڕەتیدا خوێندکاران ناتوانن بەباشی بخوێننەوەو بنوسن و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە کۆزانیاریی ئەو شتەی کە دەینوسن، یان دەیخوێننەوە باش تێنەگەنو ئەو بەهاو کۆزانیارییەی کە دەبێت بگەیەنرێت پێیانناگات. لێهاتویی خوێندنو نوسین لە لێهاتویی پەروەردەییەوە تا چەند لەوەدا لێهاتوو بێت لە پەروەردەدا سەرکەوتوو دەبێت.

---

[1] ابراهیم بن احمد مسلم الحارث(٢٠١١: ٩)، ئەو سەرچاوانەی لەوێدا بەکارهێنراون.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو(٢٠١١: ٦).

٢. گرفتی دەروونی:

ا. سەلمێنراوە ئەو منداڵانەی بە زمانێك دەخوێنن و بە زمانێکی تر لە ماڵەوە قسەدەکەن، لە ناخیاندا و لەڕووی دەروونییەوە لەناو کۆمەڵەکەیاندا، جۆرێك لە نامۆیی و ناوازەیی و شازبوونیان تیا دەردەکەوێت.

ب. بابەتی زمانی دایك و خوێندن بە زمانی دایك بەتایبەتی لە (١٠) ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا بە بنەمایەکی بنەڕەتی و سروشتی پەروەردەوفێرکردنی تاك لە کۆمەڵگادا دانراوەو مافی هەموو تاکێکە، هەر ئەمەشە بۆتە بنەماو لەلایەن ڕێکخراوی (UNESCO) دیاریکراوە.

پ. لێهاتویی نوسین و خوێندنەوە بریتی نییە لەوەی، کە تەنها بتوانیت کۆدەکان بکەیتەوە (decode)بە جفرەی ئەو بابەتانە بکەیت، کە لە لاپەڕەکاندان، بەڵکو لێهاتویی نوسین و خوێندنەوە (Literacy) بریتیە لە پڕۆسەی بیری و بیرکردنەوە لەوەی هەیەو هەڵهێنجاندنی واتا لە دەقەکانەوەو دەربڕینی بە زمانێك، کە لێیتێدەگات.

ت. زۆرێك لە توێژینەوەکان دەریخستووە، کە ئاستی تێگەیشتن و بیروروژاندنی خوێندکار، بۆ ئەوانەی کە بە زمانی دایکیان ناخوێنن سفرە.

ج. گرنگترین ئەرکی خوێندن بریتیە لە بیر وروژاندن وئاڕاستەکردنی بیرو بەگەڕخستنی، توێژینەوەکان دەریانخستووە ئاستی تێگەیشتن و بیر وروژاندنی خوێندکار، بۆ ئەوانەی بە زمانی دایکیان ناخوێنن زۆرلاوازە.

چ. خوێندنی زمانی دایك سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی بنیاتنانی کەسێتی خوێندکارە، بەوەی دەربڕوگوزارشتکەری هەست و سۆزوبیروبیرکردنەوەو...پارێزەری فەرهەنگ و کلتورو ژیاری و کەسێتی خوێندکارەوپارسەنگی دەرونی و کۆمەڵایەتی و .... بەهێزدەکات، بۆیە گرنگە ئەو کۆدانەی کە هەڵگری ئەو بیرانەن تاڕادەیەك جێگیرو چەسپاو بن، بەگۆڕانیان لاوازی ڕوو لەهەموو ئەو لایەنانەی تاك دەکات.

ح. ترسناکی پەراوێزخستنی زمانی دایك بۆ تاك هەرلەوەدا نییە، کە داخوراندنی زمانەوانی وسستبوونی فەرهەنگی و...لێدەکەوێتەوە، لە هەموو ئەمانە مەترسیدارتر ئەوەیە کە ڕێگەو شێوازو چۆنێتی بیروبیرکردنەوەی دەگۆڕێت، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە هەموو بوارەکانیدا دەبێت.

٣. گرفتی کۆمەڵایەتی:

ا. ئەو منداڵانەی کە بە زمانێك دەخوێنن و بە زمانێکی تر لەماڵەوە قسە دەکەن، زۆربەی کات دوچاری گرفتی گەورە دەبنەوە لە هەوڵدانیان بۆ فێربوون لەو زمانەی لە قوتابخانە دەیخوێنن و لەگەڵ ئەوەی، کە ناتوانن ئەوەی فێربوون لە دەرەوەی قوتابخانە کارەکیی بکەن و کردەی پەیوەندیی لەیەکگەیشتنی پێبەئەنجامبگەیەنن[١]، لەبەرئەوەی ئەو هۆکارو بابەتانەی، کە لە

[١] Carol B enson(2004:2).

پرۆگرامی خوێندنی زمانی دووەمدا بەکاردەهێنرێن لە ژیانی کۆمەڵایەتیو کلتوری منداڵدا نیە، لەبەرئەوە منداڵ توشی دابڕانو لێکترازاندنو بێزاریو بێزراوی لە خوێندنو کۆمەڵگاشدا دەکات. فێرنەکردنی منداڵان نایەکسانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوەو لەهەمانکاتیشدا ناگونجاویو ناپەیکاڵی لە هێزو دەستەڵاتدا بەرهەمدەهێنێت، بۆ نموونە بەراورد لە نێوان منداڵی لادێو شاردا، یاخود منداڵی هەژارو دەوڵەمەنددا بکە.

ب. لەڕووی سۆزداریەوە، ناتوانن لە کۆمەڵدا دەربڕی لایەنی سۆزدارییان بن، وەك سستی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، سستی ڕێزگرتن، سستی پەیوەندیگرتن، دەربڕینی خۆشەویستی...

٤. گرفتی پەروەردەیی:

ا. کاتێك زمانی دایکی منداڵ تێکدەشکێنین لەگەڵیدا کۆزانیاریو پەیوەندیو تواناو لێهاتوویيو بیرو بیرکردنەوە.. لەناودەبەین، کە ئەمەش لەگەڵ کرۆکی پەروەردەو فێرکاریدا دژە.

ب. ناواخنی پڕۆگرامەکان بە کلتورو دابونەرێتو کۆمەڵگای کوردەواری ناخواتو جۆشنادرێت، کە ئەمش دەبێتە هۆی تێکشکاندنی کلتورو زمان لە قوتابخانەدا، وەك ئەوەی بابەتەکانی لەگەڵ کلتوری ئێمدا نەگونجێت، یان وەك کەرەستەی یاریکردنی(Frisbee)، یان بە کلتوری ئێمە نامۆیە، وەك(تاتۆ)، ئەمانە بەهەمان شێوە دەرەنجامی پێچەوانەی دەبێت لە کۆمەڵگادا. لێکەوتەی نەرێنی لەسەر کەسێتی ئێستاو داهاتووی تاکی کوردو زمانو کلتوری نەتەوەیيو گەشەی فەرهەنگیمان دەبێت.

پ. لە هۆکارە سەرەکیەکانی دابەزاندنی جۆری پەروەردەی (کوالیتی)و نزمبوونەوەی ئاستی خوێندەواریو بەرزبوونەوەی ئاستی نەخوێندنو ڕاکردنە لە قوتابخانە. بەپێچەوانەشەوە پەرەدانو گەشەکردن بە جۆرایەتی پەروەردەو زیادکردنی دەوەستێتە سەر ڕەوتێکی بەرفراوان لە ئاوێزانکردنی زمانی دایك بە پرۆگرامی خوێندنو وەرزی خوێندنەوە بەگشتی.

ت. ئەوەی سەلماوە ئەوەیە، کە منداڵ کاتێك بە زمانی دایکی دەخوێنێت باشترو زیرەکترو دروست پەروەردە بووە، تێگەیشتن لەم نێوەندەدا بابەتی کرۆکیە، بۆیە ئێمە نامانەوێت منداڵ زمانێك بڵێتو قسەی پێ بکات بێئەوەی لێی تێبگات.

ج. ئەو منداڵانەی بە زمانی دایکیان ناخوێننو بەزمانی تر دەخوێنن،، یان جووت زمانن، لەسەرەتای قۆناغی بنەڕەتیدا لەگەڵ ئەوەی سەرپێیانە فێردەبن، دوچاری گرفتی دەرونیو کۆمەڵایەتیو.. دەبنەوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی دابەزاندنی جۆریی(کوالیتی) پەروەردەییەو بەمەش بنیاتی کەسێتی، نەك پەرەپێنادرێت، بەڵکو پرۆسەکە ئاوەژوو دەبێتەوە.

چ. زمان ڕۆڵێکی چالاکانەی هەیە لە بنیاتنانی ئێستاو داهاتوومان‌دا، تەنها زانیاری پێناگوێزینەوە، بەڵکو هەستو بیرو بۆچون.. پێدەردەبڕین، لەمەوە زمان لە واقیعدا ئامڕازی گواستنەوەی کۆزانیاریو زانیاریو ڕۆشنبیریو کلتورو هەستو نەستو...

ح. سەربەخۆیی زمانی لەگەڵ سەربەخۆیی ڕامیاریدا هاوتایە، بۆ ئەمەش دەبێت پلانو سیاسەتی پەروەردەیی زمانی پەیڕەو بکەینو پارێزگاری لێبکەینو پەرەشیپێبدەین.

خ. زمان دەژیو دەمرێت، زیندوێتیو کاراییو بەربڵاوی زمان دەکەوێتە سەر ئاخێوەرانیو هۆشیاریو بەئاگایی لە بەهاو کاریگەری زمانی دایکیان لە بنیاتنانو بەرەوپێشچوون، بۆئەمەش بە پلەی یەکەم گرنگە پلانو سیاسەتو فەلسەفەی پەروەردەی تاك لە هەر کۆمەڵگایەکدا بە زانیاریو هەستیاریەوە بکرێت. چاکسازیی پەروەردەیی لە ڕەگ و ڕیشەوە بەهۆی زمانی دایکەوە دەکرێت. یەکێك لە هۆکارەکانی مردنی زمانی دایك، پەروەردەو فێرکردنە بە جوتزمانی یان فرەزمانی لەڕووی فێرکردنەوە لە چەند لایەنێکەوەیە[1]:

١. بەردەوام بەکارهێنانی زمانی دووەم لە پەروەردەدا.
٢. لەنێوان خوێندکار خۆیانو مامۆستاو ستافی بەڕێوەبردندا، هەر زمانی دووەم بەکاردەبرێت.
٣. لەوانە خراپتریش ئەوەیە بە زۆر وا لە خێزانو باوانیش دەکات هەر بەو زمانە منداڵەکانیان فێربکەنو کۆششیان پێبکەن. بەمەش زمانی دووەم دەبێتە سەرەکیو زمانی یەکەم بەرەبەرە ئەرکو بەکارهێنانو دواتر گرنگیو بایەخی خۆی لەدەستدەدات. ئەمە وادەکات کە فێرخواز بە کەمبەها تەماشای زمانی دایك بکات چونکە هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە ژیانیدا نیە.

بەم ڕونکردنەوانە دەردەکەوێت، کە دەبێت زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ دیاردەی سەرەتا نوقومبوونی زمانی دایكو دواتر دیاردەی داخورانی زمانی بکەین. زانستیانە داتاو زانیارییەکان شرۆڤە بکەینو کاریگەرییە ئەرێنیو نەرێنییەکانی پەسنبکەینو پاشان بڕیار لە کارەکیکردنی بدەینو هەموو لایەنەکانی لەبەرچاوبگرین.

## ئەنجام

١. زمانی دایك، بە واتا بوونو ناسنامەی تاكوکۆمەڵو نەتەوە، بۆیە قەدرنەگرتنو فەرامۆشکردنی، بە واتا قەدرنەگرتنو فەرامۆشکردنی تاكو کۆمەڵو نەتەوەکەمان.
٢. پەیرەوکردنی پێڕەوی جوتزمانی لە قوتابخانە خۆماڵییەکاندا، بە تایبەت لە باخچەی ساوایانو بنەڕەتییەکاندا، هۆکاری بنەڕەتیو سەرەکیی داخورانی زمانی دایکە.
٣. جگە لە داخورانی زمانی دایك، چەندین گرفتی تری وەك، گرفتی زمانییو دەروونییو کۆمەڵایەتییو پەروەردەیی لێدەکەوێتەوە.

[1] ابراهيم بن احمد مسلم الحارث(٢٠١١: ١٢).

## سەرچاوەکان


١. بە زمانی کوردی:

١. شیلان عومەر حسین، زمانی دایك وەك سەرچاوەیەکی بنیاتنانی کەسێتی، ٢٠١٥.
٢. شیلان عومەر حسین، زمان و پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.
٣. هەوار عومەر فەقێ، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٥.
٤. فاضل مجید محمود،شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
٥. ناهیدە ڕەحمان خەلیل، زمانپژاندن و دیاردە سایکۆفۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، ٢٠١٣.
٦. هێرۆ کەمال کەریم، سایکۆلۆژیای منداڵ و پەروەردەکردنی خونچەکان،٢٠٠٦

٢. بە زمانی عەرەبی:

١. تأثير التعليم ثنائي اللغة على اللغة الأم، ابراهيم بن احمد مسلم الحارثي، ٢٠١١.

٣. بە زمانی ئینگلیزی:

1. Jim Cummins, Bilingual children's Mother tongue: Why it is important for Education Jim Cummins
2. 2. Carol Benson, 2004,The importance of Mother tongue based schooling for educational quality.
3. .Dressler, W. (1991)The Socioliguistic and Patholinguistic Attrition of Breton phonology, morphology and morphonology.
4. Seliger, H. & Vago, R. (1991) First Language Attrition, Cambridge University Press, Combridge, UK.
5. Silivian Montryl, language attrision,(2002:260).
6. B.Kopke & M.S.Schimd, language attrision ,(2004:6).
7. Boikanyego Sebina,2014, First L anguage Attrision In The Natives Invironment,

# Abstract

**Mother Language Attrition…Principles and Description**

Bilingual education is a new subject in the process of teaching and learning, described in linguistics as a principle of mother tongue. This paper tries to deal with the sensitivity and risks of this topic on educational (individual), political and national levels, and on all those aspects all together, too.

Mother tongue in bilingual schools is fading or treated like a second language, and this is the core issue and problem of this research, which tries to deal with such sensitivity and to answer questions about having two active linguistic systems,simultaneously.

This paper aims at re-educating mind and logic of individuals (an act of constructing human being), spreading out educational, cultural and national awareness (going back to originality), recreating high values and teaching positive social norms and ethics (an act of constructing life). All these can be dealt with by keeping mother tongue alive and vital in educational processes.

**Results:**

1- Mother Language is a great part of the existence of an individual, society and nation, and their identity, either. That's why neglecting or degrading it can cause negligence and degradation of all these, as well.

2- Applying bilingual system in local school, especially in kindergarten and basic education can be seen as the main reason behind attrition of the mother tongue.

3- Many other problems, besides mother tongue attrition, may emerge, like linguistic, psychological, social and educational difficulties.

## ملخص البحث

## استنزاف لغة الأم... المبادئ والوصف

تعليم ثنائي اللغة هو مبحث جديد في عملية التعليم والتعلم، وصفت في اللغويات كمبدأ من مبادئ لغة الأم. تحاول هذه الورقة التعامل مع حساسية ومخاطر هذا الموضوع على التعليم (لدى الفرد)، وعلى المستويات السياسية والوطنية، وعلى جميع هذه الجوانب أيضا.

تتلاشى لغة الأم أو تُعامَل كاللغة الثانية في المدارس ثنائية اللغة، وهذه هي القضية الأساسية ومشكلة هذا البحث الذي يحاول التعامل مع هذه الحساسية والإجابة على أسئلة حول وجود اثنين من الأنظمة اللغوية النشطة في وقت واحد.

تهدف هذه الورقة إلى إعادة تعليم العقل والمنطق لدى الأفراد (تنشأة الإنسان)، ونشر الوعي التربوي والثقافي والقومي (العودة إلى الأصالة)، وإعادة القيم العالية وتعليم القواعد والأخلاق الاجتماعية الإيجابية (تنشأة الحياة). كل هذه يمكن التعامل معها عن طريق الحفاظ على لغة الأم وإبقاءها نشطة وحيوية في العمليات التعليمية.

النتائج:

١- لغة الأم هي جزء كبير من وجود الفرد والمجتمع والأمة، وهويتها. وأي إهمال أو تهميش لهذه اللغة يمكن أن يسبب الإهمال والتدهور في كل هذه النواحي.

٢- تطبيق نظام ثنائي اللغة في المدارس المحلية، وخاصة في رياض الأطفال والتعليم الأساسي يمكن أن ينظر إليها على أنها السبب الرئيسي وراء استنزاف لغة الأم.

٣- العديد من المشاكل الأخرى، إلى جانب استنزاف لغة الأم ، قد تظهر، مثل الصعوبات اللغوية والنفسية والاجتماعية والتربوية.